# شەونم

هۆنراوەی (45)

سحرم دولت بيدار به بالين آمد

شەوەکی قاسیدی بەختم بە چ تەمکینێ هات
وتی هەستە لە خەوێ خوسرەوی شیرینێ هات
لێدە جامی مەی و سەرخۆش بە بڕۆ سەیرانێ
یاری زێڕین کەمەرت وەک گوڵی پەرژینێ هات
وەرە موژدەم دەیە ئەی گۆشەگری گەنجی وتار
مامزی خۆش خەت و خاڵی خوتەن و چینێ هات
چاوی گریانە گەشی کردەوە رووی سووتاوان
جەرگی بریانە بە هانای دڵی مسکینێ هات
تێکە مەی ساقی مەخۆ چیدی خەمی دوژمن و دۆست
چونکە رۆیی ئەو و ئەم وەک سەرەتای ژینێ هات
لە حەوا چەندە بە ناز دێی و دەچی و تەقڵە دەکەی
کۆترە باریکە هەڵێ هەڵمەتی شاهینێ هات
بێ وەفایی خولی دەورانی کە دی هەوری بەهار
کوڵی گریانی لە بۆ سونبول و نەسرینێ هات
شنەبا کاتێ لە بولبول غەزەلی حافزی بیست
بە بزە و نازەوە بۆ سەیری رەیاحینێ هات

**حافزی حەقیقی**